ئومێد خۆشناو: جامی عێراق پێشکێش بە سەرکمان مەسعود بارزانی دەکەین



ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر ڕایگەیاند کە لەدوای بردنەوەی یانەی هەولێر لە پاڵەوانێتی جامی عێراق، نازناوەکە پێشکێش بە سەرکی پارتی دیموکراتی کوردستان "مەسعود بارزانی" دەکات.

لەمیانەی کۆنگرێسێکی ڕۆژنامەوانی سەبارەت بە یاری کۆتایی هەولێر و قوە جەویە لە پاڵەوانێتی جامی عێراق، ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر و ئێندامی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند: "ئێگەر یانەی هەولێر نازناوی جامی عێراقی بەدەست هێنا، جامەکە پێشکێش بە سەرکمان مەسعود بارزانی دەکەین".

شایەنی باسە، ڕۆژی شەممەی داهاتوو، یانەی هەولێر و یانەی قوە جەویەی عێراقی لە یاریگای "شەعب" لە بەغدای پایتەختی عێراق، یاری کۆتایی پاڵەوانێتی جامی عێراق ئەنجام دەدەن.

بە گەیشتنی هەولێر بە کۆتایی پاڵەوانێتی جامی عێراق، وەک یەکەم یانەی کوردیە گەیشتە ئەم قۆناغە و لە هەوڵی بەدەستهێنانی نازناوەکەیە.